# بەغدا؛ گەڕانەوە بۆ 2006؟

17-06-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** پاش چەندین قۆناغ لەبانگەشەی تێپەڕاندنی گرژییە تایفییەکان و لە سەروبەندی بانگەشەکردن بۆ هاوپەیمانێتی "بەرفراوان" و "سەروو تایفی" لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی تشرینی 2021، کەچی جارێکیتر دڵەخورتێ و تارمایی پێکدادانی مەزهەبی لەسەر بەئامانجگرتنی سیمبولە مەزهەبییەکان باڵی بەسەر شاری بەغدا کێشایەوە. گرژییەکانی ئەم هەفتەیە لەکۆمەڵێك بانگەشەی سەر سۆشیال میدیاوە هات کە یەکێکیان هاشتاگی "بڕوخێت بتی مەنسور" و ئەویتر بانگەشەبوو بۆ "رووخاندنی مەزاری ئەبو حەنیفە" بەوپێیەی کە ناکرێت دراوسێی "ئیمام کازم" بێت!

RRC |

یاسین تەها|

پاش چەندین قۆناغ لەبانگەشەی تێپەڕاندنی گرژییە تایفییەکان و لە سەروبەندی بانگەشەکردن بۆ هاوپەیمانێتی "بەرفراوان" و "سەروو تایفی" لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی تشرینی 2021، کەچی جارێکیتر دڵەخورتێ و تارمایی پێکدادانی مەزهەبی لەسەر بەئامانجگرتنی سیمبولە مەزهەبییەکان باڵی بەسەر شاری بەغدا کێشایەوە. گرژییەکانی ئەم هەفتەیە لەکۆمەڵێك بانگەشەی سەر سۆشیال میدیاوە هات کە یەکێکیان هاشتاگی "بڕوخێت بتی مەنسور" و ئەویتر بانگەشەبوو بۆ "رووخاندنی مەزاری ئەبو حەنیفە" بەوپێیەی کە ناکرێت دراوسێی "ئیمام کازم" بێت!

لە حەفتاکاندا حکومەتی بەعس، پەیکەرێکی وەك بەشێك لەکولتووری شار بۆ ئەبوجەعفەری مەنسور، دووەمین خەلیفەی عەباسی و دامەزرێنەری شاری بەغدا دروستکردووە، بەڵام لە دوای 2003 ، بەر تەقینەوە و توندوتیژییە تایفییەکان کەوت چونکە بە سیمبولێکی سوننە دەزانریت کە ئازاری ئیمامەکانی شیعەی داوە. ئێستاش کە لەدوای 2008وە نۆژەن کراوەتەوە، بووەتە مەکۆی گرژییەکی نوێی مەزهەبی. بەهەمانشێوەی مزگەوت و مەزاری ئەبو حەنیفە کە لەگەڕەکی ئەعزەمییەی دراوسێی کازمیەی شیعەنشینەو، یەکێکە لە بنکە و قەڵاکانی عەرەبی سوننە لە بەغدای پایتەخت.

هێزە نیزامیەکانی دەوڵەت شوورەیەکی قایمیان بۆ مزگەوتی ئەبو حەنیفە کرد، بەڵام حکومەت هیچ هەنگاوێکی پێ نەنرا بۆ لێپێچینەوە لەوانەی کە ئەم هەڕەشانەیان فڕێدایە سۆشیالمیدیا و هاشتاگیان بۆکرد. کۆمەڵێك لە پیاوانی ئاینی و ماقووڵانی شاری کازمیەی شیعەنیشن، بۆ دڵنەوایی و هاوهەڵوێستی لەگەڵ خەڵك چوونە گەڕەکی ئەعزەمییە. سەدرییەکان کە لە ساڵانی شەڕی تایفیدا زۆرترین ناویان دەهات، دژایەتی خۆیان بۆ ئەو بانگەشانە راگەیاندووە، بەڵام ئەمە هیچی لەو راستییە نەگۆڕی کە هەموو ئان و ساتێك بارودۆخی بەغدا لەبەردەم ئەگەری گەڕانەوەدایە بۆ سەروبەندی پێکدادانی تایفی هاوشێوەی ساڵانی (2006_ 2008) بەتایبەت کە هەڵبژاردنێکی جومگەیی لەبەردەرگایە و، دەکرێت گوتاری تایفی و پاڵەوانبازی مەزهەبی کەرەستەیەك و ریکلامێکی باش بێت بۆ زۆرێك لەو هێزە سیاسییانەی کە ئەمە ئاسانترین رێگەی کارکردنیانە.

دیدێك هەیە پێیوایە ئەوەی مەترسی پێکدادانی تایفی زیاتر دەکات، راستییەکە کە جومگە حوکمڕانە شیعە و سوننەکان لە 18 ساڵی رابردوودا پرۆژە و دەسکەوتی گەورەی ئەوتۆیان نییە بیکەنە هەوێنی بانگەشە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارە، لە ئێستاشدا باری دارایی وڵات بەدۆخێکی دژواردا گوزەر دەکات چونکە، سەرباری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ سەروو 70 دۆلار، هێشتا عێراق 1.5 ملیار دینار کورتهێنانی مانگانەی هەیە (خەرجی 9 ترلیۆن و داهات 7.5 ترلیۆن دینارە _ دارایی پەرلەمان)، ئەو بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەش کە روویداوە، بەشی زۆری بۆ خەرجی بەکاربردن و هەڵکشانی ژمارەی فەرمانبەران دەڕوات، ئەمەش وادەکات کە سەقفی گفت و بەڵێنەکان بۆ چوارساڵی داهاتوو وەك جاران کراوە نەبن یان جێگەی بڕوای دەنگدەران نەبن. لەم دۆخەشدا ختوکەدانی هەستی تایفی و گەڕانەوە بۆ گرژییەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕ و سروتی خەڵك، میکانیزم و رێگاچارەیەکی گونجاون بۆ ئەوانەی لە هونەری بانگەشە و سایکۆلۆژیای رووکەش بینانەی خەڵکی عێراق شارەزان.

لەپاش تێکشکاندنی داعش و هەڵبژاردنی (2018)، هەندێك هێزی سیاسی لەناو هەردوو پێکهاتەی شیعەو سوننە دروشمی "نیشتمانی بوون" یان بەرزکردەوە، هەندێکیشیان هەوڵیاندا بەر لە هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی تێکەڵ دروستبکەن لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (شیعە، سوننە، کورد)، ئەمەشیان کردە مۆدێلی گوتاری نوێی هەڵبژاردن، بەڵام سەرجەم ئەم دروشمانە لەبەردەم تاقیکردنەوەی تۆماری لیست و هاوپەیمانێتییەکانی کۆمسیۆن ورد و خاش بوون. ئەوەتا لەو 44 هاوپەیمانێتییەی کە لە هەناوی 267 حیزبی سیاسییەوە لەدایکبوون، هیچیان سوپرایزی گەورەیان لە تێپەڕاندنی تایفەگەری تێدا نییە و، هەر وەك جاران کێبرکێ و دابەشبوون لەنێوان پێکهاتەکان خۆیاندایە. لەنمونەی دابەشبوونی شیعە بۆ چوار هاوپەیمانێتی دیار و سەرەکی (سەدر، فەتح، حەکیم _ عەبادی، مالیکی) سوونەکانیش بەسەر هاوپەیمانێتی سەرکردەکانی (خەنجەر و حەلبوسی و نوجێفی) و هەندێ وردە هاوپەیمانێتیتر، هێزە کوردییەکانیش بەهەمانشێوە و سەرجەمیان بەنیازن پاش هەڵبژاردن وەك جاران هاوپەیمانێتی دابەشکردنی پلەو پۆستەکان لەگەڵ هاوتا شیعە و سوننەکانیاندا بکەن و هیچیان بەر لەهەڵبژاردن لەگەڵیاندا ئاوێتە نەبوون.

هەرچەندە لەئێستادا مشتومڕی سەری پەیکەرەکەی مەنسور و ئاشوبی هەڕەشەکردن لەمزگەوتی ئەبو حەنیفە کپ کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ گەرمبوونی تای هەڵبژاردندا ئەم جۆرە بەریەککەوتن و گرژییانە تەنها لەنێوان شیعە و سوننەدا نامێنن و ئەگەری زۆریش هەیە پەلبکێشن بۆ دەمەقاڵەی هەردوو پێکهاتەی کورد و عەرەبیش بەتایبەت لەناوچەی جێناکۆك کە کێشەی کەڵەکەبووی زۆری تێدایە و، ئەمەش یەکێکە لە ویستگە چاوەڕوانکراوەکەی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی تشرین کە بەشی زۆری هێزە مەدەنی و عەلمانییەکانی شیعە بایکۆتیان کردووە و گۆڕەپانیان بۆ هێزە کۆنەکانیان چۆڵتر کردووە.